Digitally signed by www.kurdistannet.org
cn=www.kurdistannet.org, ou=www.kurdistannet.org, o=Kurdistan Net, c=NL
Date: 2002.08.07 22:36:43 +01'00'
Reason: <none>
Kurdistan Net Neti Hemwane

# ئاسۆی دادگایی کردنی تاوانبار نەزار خەزرەجی

# 4-1

## کۆمیتەی بەگژ خستنی هەوڵەکان بۆ دادگایی کردنی تاوانبار نەزار خەزەجی

ئەحمەد عەزیز 2002\8\6 دانمارک

ڕۆژنامەی (**Ekstra Bladet**) لە ڕۆژی 2002\6\15 ڕاپۆرتێکیدا دەربارەی ڕەوتی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی نەزار خەزرەجی بڵاوی کردەوە بە ناونیشانی : ئەمریکا دەتوانێت نەزار خەزرەجی سزا بدات ، لە درێژەی ئەم ڕاپۆرتەدا هاتووە ئەمریکا بە شێوەیەکی زۆر سەرنج ڕاکێشەر خاوەن چەندین تۆن بەڵگەنامەیە سەبارەت بە دڕندەترین شێوازی کۆمەڵ کوژی کوردەکان ، کە لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە ئەنجام دراوە ، لە ناو بەڵگەنامەکاندا چەندین کاسێتی تۆمارکراوی دەنگ و ڤیدیۆ هەیە و گەر بگەنە ناو مەیدانی لێکۆڵینەوە بە تەواوەتی باری سەرەک سوپای پێشوی عێراق لە دانمارک قورس دەکات ، ئەو بەڵگەنامانە هەرگیز لە لایەن پۆلیسی دانمارکی یەوە نەبینراوە تا ئێستا .

سەرەک سوپا 63 ساڵەکەی سەدام حوسێن کە ئێستا لە شاری(Sorø)ی وڵاتی دانمارکە و تاوانبار کراوە بە تاوانی جەنگ بەرانبەر کوردەکان ، لە سەردەمی شاڵاوەکانی ئەنفال لە ساڵی 1988 لە باکوری عێراق ، کە لە ئەنجامدا بووە هۆی کوشتن و لە ناوبردنی 180 هەزار مرۆڤی کورد و کاول کردنی 4500 گوند ، بەشێکی زۆر لەو قوربانییانە بە هۆی بۆردمان و هێرشی گازی ژەهراوی لە ناوبران .

**ڕۆژنامەی (Ekstra Bladet) ئەمرۆ ڕاپۆرتێکی ئیستخباراتی ئەمریکا ئاشکرا دەکات کە کاتی خۆی لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدادەوە نێردراوە بۆ دەزگایی CIA و NSA بەر لە ساڵێک لە دەست پێ کردنی هێرشەکانی ئەنفال (مایسی 1987)** ، ئەو ڕاپۆرتە ئەوە دەردەخات کە ئەمریکا زانیاری تەواویی هەبووە دەربارەی زنجیرەیەک هێرش کە بە گازی ژەهراوی لە دژی کوردەکان لە لایەن حکومەتی عێراقەوە ئەنجام دراون ، لە هەمان ڕاپۆرتدا کە

بەشی  هەواڵگری لە سەفارەتی ئەمریکا لە بەغداد  ئامادەی کردووە و ناردوویەتی بۆ ئەمریکا ، باسێکی قول و ووردی پێشکەش کردووە سەبارەت بە دڕەندەیی شاڵاوەکانی حکومەتی عێراق لە بەکارهێنانی گازی خەردەل و ئەعساب (سارین و تابوون) کە بە هۆی فرۆکەوە بارندوویەتی بە سەر کوردا ، هاوکات باسی ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی سەرەک سوپای کۆنی عێراق (نەزار خەزرەجی) کردووە لە بەکارهێنانی گازی ژەهراوی دژی کوردەکان ، لەو ڕاپۆرتەدا باسی ئەوەش دەکات نەزار خەزرەجی و سەربازەکانی بە ئاشکرا و بە شێوەیەکی پڕ لە مەترسی ئامادەکراون بە جلو بەرگ و کڵاوی دژە گازی ژەهراوی و لە شەقام و شارێکی کوردستان بینراون ، لەو کاتەی نەخۆشخانەکان بە هەزاران قوربانی چەکی کیمیاوی لێ بووە .

ئێستا لە ئارشیفی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا بە دەیان تۆن بەڵگەنامەی کاغز و کاسێتی دەنگ و ڤیدیۆ هەیە دەربارەی شاڵاوی ئەنفال و بە کارهێنانی گازی ژەهراوی لە دژی کوردەکان ، لە ناویاندا ژمارەیەک کاسێتی تۆمار کراو بە دەنگی (عەلی حەسن مەجید) ئامۆزا ناو زڕاوەکەی سەدام حوسێن کە ناسراوە بە عەلی کیمیاوی ، کە لەو سەردەمە سکرتێری گشتی بیرۆی باکوری عێراقی حیزبی بەعس و بەڕێوەبەری مەیدانی شاڵاوی ئەنفال بووە ، لەو کاسێتانەدا عەلی کیمیاوی بە تورەیی و هەڵچونەوە سوێند دەخوات و دەڵێت : دەبێت ئەو کوردە دوژمنانە ڕیشە کێش بکەم و لە ناویان ببەم ، وە هەرگیز کەم تەرخەمی ناکەم لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە کاتی جێ بە جێکردنی پلانەکانمان ، لە ناو قسە و باسەکانیدا ناوی نەزار خەزرەجی دەهێنێت وەک کەسێکی گرنگ و سەرەکی لە داڕشتن و جێ بە جێ کردنی نەخشەی ئەنفال و کاول کردنی کوردستان .

کاسێتێکی ڤیدیۆ کە فەرماندەی فەیلەقی 5 (یونس محمد الزرب) قسە لە سەر هەڵسەنگاندنی هێرشەکانی ئەنفال دەکات ، لە گەڵ چەندین بەڵگەنامەی تر ، هەموی دەیسەلمێنن کە خەزرەجی لە هاوینی 1988دا پەیوەندی چڕ و نهێنی هەبووە لە گەڵ عەلی کیمیاوی سەبارەت بەو شاڵاوە دڕندانەی کراوەنەتەسەر کوردەکان .